



# پرسیار وەک بنەمایەک بۆ دەرخستنی واتای بوون

## کۆمەڵە شیعری (تۆماری زامێک) بەنموونە

د. دیلان سەلام حەمەفەرەج
(زانکۆی هەڵەبجە - کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور)

### بەرایی

بوونـی مـرۆڤ بریتییـە لـە پێوەنـدی، لەبـەر ئـەوە لەنـاو هەمـوو هەبووەکانـدا، مـرۆڤ تاکـە هەبوویەکـە توانایـی پێوەندیکردنـی هەیـە و بـە پێوەنـدی دەژی، «هایدگـەر» پێی وایە (دازاین) بـەو پێوەندییانەی هەیەتـی، لـە بوونیـدا پێوەندیـی لەگـەڵ بوونـدا هەیـە، پێوەندییـەک کـە سـەر بـە خـودی بوونـە، دازایـن نزیکترینـە لـە بوونـەوە و بـەم نزیکییـە ویسـت بـە دازایـن دەدات لـە بـوون بپرسـێت، بـەڵام پێوەندیـی دازایـن بـە بوونـی خۆیـەوە (پێـش ئەنتۆلۆجیانەیـە)، کەواتـە پرسـیار دەتوانێـت هۆکارێکـی گرنـگ بێـت بـۆ دەرخسـتنی واتـای بـوون.

ئـەوەی لێـرەدا ئێمـە دەمانەوێـت کاری لەسـەر بکەیـن، ئـەوە نییـە ئاسـتی دەقـەکان وەک دەقـی فەلسـەفی بناسـێنین، چونکـە لـەم کاتـەدا ماهییەتـی کارەکـە بـەلای فەلسـەفەدا دەشـکێتەوە، لایەنـە ئەدەبییەکـە، کـە کاری سـەرەکیی ئێمەیـە کزدەبێـت، بەڵکوو کاری سـەرەکیی ئێمـە لـەم وتـارەدا دەرخسـتن و نیشـاندانی هزرێکـی بیرکەرەوەیـە، کـە لـە بۆتـەی شـیعردا بـە شـێوەیەکی ئاوەزمەندانـە، لای لـە کۆمەڵێـک بابەتـی پەیوەسـت بـە بـوون و پرسـیار کردووەتـەوە، لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن، کـە تیۆریـی و هـزرە فەلسـەفییەکان بـۆ خزمەتـی ئـەدەب بەکاربهێنیـن، واتـە ئەدەبیـات هـەر بـە ئەدەبیـات بمێنێتـەوە، ئەگەرچـی هـزری فەلسـەفی قووڵیشـی لـە خۆیـدا هەڵگرتبێـت، کۆمەڵـە شـیعری (تۆمـاری زامێـک)ی ئـارام حاجـی، کـە سـنووری وتارەکەیـە، کۆمەڵێـک بابـەت و هـزر و پرسـیاری بوونخوازانـەی لـە نـاو خۆیـدا هەڵگرتـووە؛ بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە تێڕوانینەکانـی «هایدگـەر» شـیکردنەوەیەک بـۆ ئـەو دەقانـە دەکەیـن، لـە چوارچێـوەی چەنـد تـەوەر و باسـێکی گرنگدا وەڵامـی کۆمەڵێک پرسـی گرنـگ دەدەینەوە وەک: ئـەو تایبەتمەندییانـە چیـن لـەم کۆمەڵـە شـیعرەدا دەمانبەنـەوە سـەر پرسـی بـوون و بوونـی مـرۆڤ؟ ئـەو ڕەگەزانـە چیـن وادەکـەن تایبەتمەندییە ئەنتۆلۆژییـەکان لـە کۆپلـە شـیعرییەکاندا ئامادەبـن؟ پرسـیار چـۆن دەتوانێـت دەرخـەری جـۆرە جیاوازەکانـی بـوون بێـت؟

## بوون وەک کێشەیەکی دێرینی فەلسەفە

دیارە پێناسەکردنی بوون بە ئاڵۆزی دەست پێ دەکات، ئەم ئاڵۆزییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە تێگەیشتنێکی کۆنکرێتیمان بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بوون نییە، کە بۆ پێناسەکردنی پێویستن، هەر بۆیە ئەم ئاڵۆزییە وەک جۆرێک لە کێشە خۆی دەردەخات، ئاڵۆزی لە قووڵبوونەوە و لێکدانەوە فەلسەفییەکاندا نابێتە پاساو بۆ دەست هەڵگرتن لە ناسینی دیاردەیەک، بەڵکوو دەبێتە کێشە و دەبێت لێی رامێنین.

بوون لە تێگەیشتنێکی گشتیدا هەبوویەکی بەرجەستە نییە، تا ئاسان ئاماژەی بۆ بکەین و بڵێین ئەمە بوونە، وەک بوونی (مرۆڤ، کورسی، بەرد، درەخت) نییە، تا پێناسەبکرێت، ئێمە دەتوانین بە ڕوونی و کۆنکرێتی باس لە بوونی (کورسی، بەرد، مرۆڤ) بکەین، بەڵام باسکردن لە بوون لە تێگەیشتنە گشتییەکەیدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە کاتێک باس لە بوونی (بەرد و مێز) دەکەین، سیفەت و تایبەتمەندییەکانیان لەبەردەستن و تێگەیشتنێکی کۆنکرێتیمان بۆیان هەیە.

بۆ نموونە ڕەقێتی بەرد، یان ئەوەی مێز ئامرازێکە بۆ نووسین، یان دانانی چتێک لەسەری، یان بوونی مرۆڤ، کە ئەگەرەکانی بوونیەتی، وەک پرۆژەکانی ژیانی، کار و پیشەکانی، بەڵام خەسڵەتەکانی بوون چین؟ بوون چییە؟ ئەمانە پرسیاری گرنگی فەلسەفەن و بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێت، هەبوونی لێکدانەوەی فەلسەفی جیاواز سەبارەی بە بوون وای کردووە چەندان ڕەوت و ڕێبازی فەلسەفیی جیاجیا سەرهەڵبدەن، ئەم لێکدانەوانە لە «ئەفلاتوون»ـەوە، تا «نیتشە» بە زاڵکردنی هەبوویەک و دانانی لە پێش بوون دەست پێ دەکەن، بەڵام دانانی بوون بە پاشکۆ و گەڕاندنەوەی بۆ هەبوویەک، ئەمە نەریتێکی درێژی بە دوای خۆیدا هێناوە، کە نەریتێکی میتافیزیکییە و بریتییە لە لەبیرکردنی بوون (هایدگەر، ٢٠١٣: ٣٧)، واتە لە تێڕوانینی هایدگەر و بوونخوازەکاندا بوون پێش هەموو هەبووەکان دەکەوێت و بوون خۆی بنەڕەتی بوونە، بۆ پێناسەی ئەم زاراوەیەش دەگوترێت:

«وشەی بوون بەسەر هەموو شتێکدا دەچەسپێت، کە هەیە، یان دەتوانێت هەبێت، بگرە بەسەر ئەگەرەکانیشدا، کەواتە بوون بریتییە لە شتێک، کە سەر بە هەموو شتەکانە. وێڕای ئەمەش بوونێک بریتی نییە لە بوونێکی دیکە، یان شێوەیەکی بوون، یان شێوازێکی بوون وەک شێوەیەکی دیکەی بوون نییە. بە واتایەکی دیکە شتەکان نەک بە تەنیا لەوەدا لەیەک دەچن، کە هەر هەموو هەن و بوونن، هەروەها لە ڕێگەی بوونیانەوە لە یەکەوەش جیاوازن. هەر بوونێک ناوازەیە، جیاوازە لە بوونێکی دی.» (ڕەفیق، ٢٠٠٩، ١٧٠).

(تالیس)یەکێک بووە لەو فەیلەسووفە یۆنانییانەی لە بابەتی بوونی کۆڵیوەتەوە، کە بنەڕەتی بوونی بۆ ڕەگەزی (ئاو) گەڕاندووەتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئاو سەرچاوەی ژیان و بەردەوامیی ژیانی زیندەوەرانە و هەموو زیندەوەرانیش لە ئاو دروستبوون، ئەنەکسیمانس، کە زانایەکی تری سەر بە قوتابخانەی ئایۆنییە، سەرچاوەی بوون بۆ (هەوا) دەگەڕێنێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی، کە هەوا یەکێکە لە بنەڕەتە گرنگەکانی بەردەوامبوونی ژیانی هەموو بوونەوەران لەسەر زەوی، بەم شێوەیە هەندێکی تر بنەڕەتی بوون بۆ (ئاگر) و هەندێکی دیکە بۆ (خاک)ی دەگێڕنەوە، واتە هەوڵ دراوە سەرچاوەی بوونی بوونەوەران بەو پێویستییانە ببەسترێتەوە، کە بە بوون و بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانەوە پەیوەستن. ئەم کەرەستانە لە ئایینی زەردەشتیشدا هەن و سەرچاوەی گرنگ و پەیوەستن بە بوون و ژیانی مرۆڤەوە، هەر ئەمەش وای کردووە بە سەرچاوەی بوونی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێن.

لە دوای ئەمانیشەوە هەر یەک لە (سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ) بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت

بە بوون و جیهان هەیە و لە چوارچێوەی فەلسەفەکانیاندا خستوویانەتەڕوو، بۆ نموونە: بە تێڕوانینی سوکرات بوون شتێکی هەمیشەیی و نەمرە و دەمێنێتەوە، ئەمەیش پێچەوانەی تێڕوانینی هایدگەرە، کە پێی وایە بوونی مرۆڤ وەک جەستە پێش ناوەرۆک و گیان/ ڕوح دەکەوێت، (ئەفلاتوون) یش پێی وایە: ئەم جیهانە ماددییەی تێیدا دەژین بە هەموو بوونەکانییەوە لەبەرگیراوەی جیهانی ئایدیال و جیهانی ڕەسەنە، واتە جیهانی ئایدیال جیهانە هەمیشەییەکەیە کە پێشتر زۆر لەسەریان نووسراوە و ئێمە بە پێویستی نازانین دووبارەی بکەینەوە، پاشان لە فەلسەفەی نوێدا «هایدگەر»یش وەک یەکێک لە فەیلەسووفە بوونگەراکان تێڕوانینی تایبەتی بۆ بوون هەیە و لەو دیوی ئەم بوونەوە بڕوای بە هیچ جۆرە بوونێکی دیکە نییە، ئەو جیهان دەکاتە بنەڕەت و سەرچاوەی بیر و کارەکانی، تەنانەت چەمکی خودا لەلای هایدگەر چەمکێکی میتافیزیکی نییە، بە پێچەوانەوە دەبێت لەناو بووندا لێکی بدەینەوە، کەواتە لای هایدگەر بوون بنەڕەتی هەموو هەبووەکانە، هیچ هەبوویەک ناکەوێتە دەرەوەی بوون، کە لە تێڕوانینی ئایینە ئاسمانییەکاندا سەرچاوەی هەموو بوونەکان بۆ خودا و مرۆڤ دەگەڕێتەوە، دوای مردنیشی لە دنیایەکی دیکە زیندوو دەبێتەوە و بە شێوەیەکی جیاواز لەم دنیایە دەژی، کەواتە دەتوانین بە کورتی بڵێین: بوون شوێنی ئامادەبوونی مرۆڤە لە جیهاندا، تا واتاکانی ڕوون بکاتەوە و لەناویدا بژی؛ بوون جیهانی ژیانی مرۆڤە و مرۆڤیش بە زمان و کار لە ناویدا نیشتەجێیە.

**پرسیار وەک بنەمایەک بۆ دەرخستنی واتای بوون، لە کۆمەڵە شیعری (تۆماری زامێک)ی (ئارام حاجی)دا:**

«تۆماری زامێک» نوێترین کۆمەڵە شیعری (ئارام حاجی)یە، لە (٢١) ناوونیشانی شیعری پێکهاتووە، لە دووتوێی (١٠٢)لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم کۆمەڵە شیعرە گەشتێکی قووڵە بە ناو فەلسەفەی ئازاردا، ئازار لەم کۆمەڵە شیعرییەدا لە برینێکی دیاری جەستەییەوە بۆ برینێکی ناوەکی نەبینراو دەگۆڕێت و دەبێت بە بەشێکی گرنگ لە ناسنامەی مرۆڤی ماندووی سەردەمی تەکنۆلۆژیا و مۆدێرنیتە، ڕەنگە ئەوەی وای لە من کردبێت لەسەر شیعرەکانی (ئارام حاجی) بنووسم ئەوە بێت، کە شیعرەکانی گەلێک سادەن، بەڵام سادەییەکی پڕ لە هێما و ئاماژەن، سادەییە فرەڕەهەندییەکەی بە جۆرێکە ئاڵۆزی شیعرییەت و زمانی ڕەتکردووەتەوە، دیارە مەبەست لە سادەیی سادەییەکی سادەکەرەوە نییە، واتە بۆ ئەوە نییە، کە دنیا سادە بکاتەوە، بەڵکوو سادەییەکە هاوشانە لەگەڵ وردبوونەوەیەکی چڕ، سادەییەکە لە قووڵایی بیرکردنەوە و ڕامانەوە هاتووەتە ئاراوە، شۆڕبوونەوەیەکە بە ناو دنیا و مرۆڤ و ژیاندا، بە شیعرییەتێکی ڕوون ڕوو لە جیهانێکی لێڵ و تەمومژ ئاسا دەکات، شێواز و زمان و ڕێزمانی شیعری (ئارام حاجی) لۆجیکییە و فۆرمێکی گێڕانەوەیی هەیە، لە بەرانبەر ناوەڕۆک، ئەندێشە و بیرکردنەوە و کۆمەڵێک هەڵچوونی نالۆجیکی و کەرەستە و شێوازی هۆشیارەوە ڕوو بە ڕووی جیهانێکی ناتێگەیشتووی ناهۆشیار دەبێتەوە، هەروەها هەوڵ دەدات زمان وەک سیستەمێکی کراوەی دۆزەرەوە - کەشفکەر، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسە جیاوازەکانی خۆی بەکاربهێنێت، هەروەها لەم کۆمەڵە شیعرەدا بایەخ بە شتە بچووک و وردەکان دەدات و دەیانخاتە ژێر چەتری پرسیارە جیاوازەکانی خۆی و لە بوونیان دەدوێت، جۆرێک لە تەکنیکی بازنەیی لە گێڕانەوەی ناو دەقەکانیدا بەکارهێناوە.

(تۆماری زامێک) کارکردنێکی شیعری قووڵە لەسەر پرسی بوون و بوونی مرۆڤ، ئێمە پێمان وایە ئەم کۆمەڵە شیعرە لە ڕێگەی شیعرەوە گوتارێکی ئەنتۆلۆژی دادەمەزرێنێت، وەک «ژان کۆهین» دەڵێت: (بابەتی شیعر ڕووداوێکی ژیری، یان ئەنتۆلۆژییە)، (ژان کۆهین،٢٠٠٨: ٣٩). گەشتی شاعیر لەم کۆمەڵە شیعرەدا لە

بوونی مرۆڤ و ئازارەكانی و سەردەمی تەكنۆلۆژیا و مۆدێرنیتەوە دەست پێ دەكات و لە دەقی (نان بۆ من و شەراب بۆ هۆڵدەرلین)دا دەڵێت:

**«كارگەكان،**

**بەدەم جگەرەكێشانەوە**

**«نان» بۆ خاوەنەكانیان پەیدادەكەن.**

**ماسییەكان بەرماوەی خوانی سەرمایەدارەكان دەخۆن.**

**ماسییەكانیش خۆراكی گەدەی ئەوانن.**

**سامانی سەرزەوی و**

**ژێرزەوی كێ خۆش؟**

**درندە، یان مرۆڤ؟!»** (حاجی، ٢٠٢٦: ١٢).

گەشتی شاعیر وەک بوویەكی ڕەسەنی هۆشیار لەم دەقەدا لە بوونی جیهانەوە دەست پێدەكات، لەو بوونەشدا مرۆڤ دەكاتە چەقی كارەكەی، كە هاتنی تەكنۆلۆژیا چۆن كاریگەری لەسەر تەواوی جومگەكانی ژیانی مرۆڤ لە كۆمەڵگەدا داناوە، مرۆڤ وەک بوویەكی داگیركەری خاوەن هێز دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو بوونەكانی دیكەدا سەپاندووە و شاعیریش وەک بوونێكی ڕەسەن پرسیاری لا دروست دەبێت، ئایا ئێمە مرۆڤین، یان درندە، ئامادەین لە پێناو سامان و مانەوەی خۆماندا هەموو بوونەكانی دیكە لەناوبەین، ڕەنگە ئەمە پێوەندیی بەو پێناسەیەوە هەبێت، كە بۆ مرۆڤ كراوە، كە چەقی بوونە و واتا بە بوون دەبەخشێت، بە دەربڕینێكی سادە تا مرۆڤ بەو تایبەتمەندییە ئەنتۆلۆژییەی نەبێت و لە شتەكان نەدوێت و سنوور و مانایان دەستنیشان نەكات، بوون مانا وەرناگرێت، هەر ئەمەش وای كردووە شاعیر بوونی مرۆڤ و بوونەكانی دیكە بخاتە ژێر پرسیارەوە، «هایدگەر» لە زۆربەی بەرهەمەكانی خۆیدا بە پرسیار دەست پێ دەكات، لە پرۆژە بنەڕەتییەكەیشیدا لە بوون و كاتدا بە پرسیار لە بوون بە بوونی مرۆڤ دەگات و هەوڵی ڕوونكردنەوەی دەدات، لە دەستپێكی نووسینەكەیدا پرسیار دەبێتە وەگەڕخەری پرۆژە فەلسەفییەكەی و گەیشتن بە ڕوونكردنەوەی واتای بوون، ئارام حاجی لە دەقی (تەق تەق تققتققتق تق) دا دەڵێت:

**«ئەگەر زەوی گۆیی بووایە،**

**جارێک خۆشبەختی خلۆر**

**دەبووەوە**

**سەر ڕێگەمان!»** (حاجی، ٢٠٢٦: ٢٢)

ئەم دەقە گەشتێكی قووڵی پڕ لە گومان و پرسیارە، بەرانبەر بوون و ماناكانی بوون، شاعیر بە گومانێكی گەورەوە دەست پێ دەكات: «ئەگەر زەوی گۆیی بووایە»، لێرەدا ڕاستییەكی زانستی چەسپاو دەخاتە ژێر پرسیارەوە، شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەگەر ئەو یاسا فیزیاییانەی گۆییبوونی زەوی ڕاست بوونایە، دەبوو ئەنجامێكی ئەخلاقی، یان مرۆییان هەبووایە، بەڵام چونكە خۆشبەختی نەگەیشتووە بە مرۆڤ، كەواتە شتێک لە سیستەمەكەدا تێكچووە، لە دیدی بوونگەرایەكانەوە مرۆڤ فڕێ دراوەتە نێو جیهانێک، كە پڕە لە ئازار، شاعیر وێنەی خۆشبەختی وەک تەنێكی خلۆربووەوە دەكێشێت، ئەم وێنەیەش ئاماژەیە بۆ یاسای كێشكردن، خۆشبەختی دەبوو بەشێوەیەكی سروشتی بە مرۆڤ بگات، ئەگەر جیهان ڕێک بووایە، كاتێک شتێک خلۆردەبێتەوە، ئەو كاتە بۆ هێنانی پێویستی بە ماندووبوونی مرۆڤ نییە، بەڵكوو خۆی دێت، شاعیر لێرەدا ڕەخنە لە پێكهاتەی بوون دەگرێت، كە ئەگەر قەراربێت زەوی گۆیی بێت، دەبێت خۆشبەختی خۆی بۆ لای مرۆڤ بێت، بەكارهێنانی ئامرازی «ئەگەر» نیشانەی تەسلیمبوونە بەو واقیعەی كە هەیە، لە فەلسەفەی بوونگەراییدا مرۆڤ دەبێت ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببێتەوە، كە خۆشبەختی شتێكی پێشوەختە نییە و بۆ مرۆڤ ئامادەكرابێت، گەردوونیش بەرپرسیار نییە لە دڵخۆشكردنی ئێمە، بەڵكوو دەبێت مرۆڤ خۆشبەختی بدۆزێتەوە، شاعیر وەک مرۆڤێكی ئازارچێژ زەوی وەک تەنێكی تەختی بێكۆتایی لە تاڵی دەبینێت، نەک گۆیی، كەواتە بوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لە دەقی (خاڵم خۆشناوێت بیرت

بکەم) دەڵێت:

**«لەم مردنانە ڕزگارم ببێت دەزانم چۆن دەنووم**

**کێ ناڵێ یەک مردن، یەک ژیانی ڕاستەقینەی تێدا نییە؟**

**کەس لە خەودا مردووە؟**

**بێدەنگ بم، پڕ بە بەری مردنم.**

**بڵێم، تەنگم بە دڵت.»** (حاجی، ٢٠٢٦: ٣٩)

مرۆڤی بیرکەرەوە هەمیشە لەناو پرسیاردا دەژی، پرسیاریش یەک جار نییە، هەر پرسیارێک ڕەنگە پرسیاری دیکە بخوڵقێنێت، خودی پرسیارەکانیش زۆرجار گرنگترن لە وەڵامەکان، وەک چۆن قسەیەکی باو سەبارەت بە فەلسەفەی گریکەکان هەیە دەڵێت: «فەلسەفەی گریکەکان هێندەی لە ڕێگەی پرسیارەکانییەوە دەژیت، هێندە لە ڕێگەی وەڵامەکانییەوە ناژیت»، دانیشتن لە ناو وەهمی ئەوەی وەڵامی هەموو پرسیارێکمان لایە، کاری بیرمەند و شاعیران نییە، پرسیار هەمیشە ئەگەری دۆزینەوە و کەشفکردنی نەزانراوێکی هەڵگرتووە، واتە ئەو پێوەندییەی لە نێوان زانین و هۆشیاریدایە، تەنیا لە ڕێگەی پرسیارەوە ڕێکدەخرێت؛ هەر بۆیە (ئارام حاجی)ش، وەک مرۆڤێکی هۆشیاری خاوەن مەعریفە، هەموو زانینەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و فیکرە باوەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لێرەدا مردن وەک بنەڕەتێکی گرنگی ئەنتۆلۆژی بوونی مرۆڤ باس دەکات، شاعیر دەپرسێت: «کێ ناڵێت یەک مردن، یەک ژیانی ڕاستەقینەی تێدا نییە؟» لە فەلسەفەی بوونگەراییدا (بە تایبەت لای هایدگەر) مرۆڤ زۆربەی بارودۆخەکانی ژیانی لە ناو هەبوونی ناڕەسەندا بەسەردەبات، واتە شوێنکەوتنی گشتی و ونبوون لە ناو جەنجاڵیدا، شاعیر لێرەدا مردن وەک دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە ژیانی ڕاستەقینە دەبینێت، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە تەنیا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ مانای ڕاستەقینەی بوونی خۆی بدۆزێتەوە، لە تێڕوانینی بوونگەرایییەکاندا مردن دیارترین و ڕوونترین ئەگەر و کۆتاییە و بوونی مرۆڤ کامڵ و تەواودەکات، مرۆڤە ڕەسەن و داهێنەرەکان ترسی مردنیان نییە، چونکە دەزانن لە ڕێگەی داهێنانەکانیانەوە بوونیان بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، کەواتە ژیان لای ئەوان لە دوای مردنیش بەردەوامە، پرسیاری (کەس لە خەودا مردووە؟) خەو لێرەدا ئاماژەیە بۆ دۆخێکی نێوان بوون و نەبوون، شاعیر گومان دەخاتە سەر سنوورە جێگیرەکانی نێوان ژیان و مردن، کە ئەمە جۆرێک لە تێڕامان لای خوێنەر دروست دەکات، ئایا ئێمە کە بە ئاگا دەبینرێین بە ڕاستی زیندووین، یان تەنیا لە خەوێکی درێژداین و مردن ئەو کاتەیە کە بە ئاگامان دێنێتەوە، لە دەقی (مردنێکی لێڵ)دا دەڵێت:

**«خۆڵبارین بەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ کەرەستە خاوەکەیدا**

**دیدارە لەگەڵ خۆیدا، پێش ئەوەی بیشێلن**

**بەرلەوەی وەک «سیزیف» ژیان بدات بە کۆڵیدا.**

**تۆزخواردن، خۆخواردنە...»** (حاجی، ٢٠٢٦: ٤٣)

ئەم دەقانە خوێنەر دەخەنە بەردەم دووبارە بیرکردنەوە دەربارەی بوون و بوونی مرۆڤ، هەروەک چۆن هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە بوون لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات و لەوێوە دەگاتەوە دەرخستنی ڕاستی بوون، (ئارام حاجی)یش بە هەمان شێوە، بوون و بوونی مرۆڤ دەکاتە بازنەیەکی هێرمێنیۆتیکی و لە بەش (مرۆڤ)ەوە، بۆ (گشت) (بوون) دەڕوات، بۆ چیرۆکە ئایینییەکە دەگەڕێتەوە و سەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤ باس دەکات، وەک بەشێک لە بوون، کاتێک نووسەر دەڵێت: «خۆڵبارین بەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ کەرەستە خاوەکەیدا»، خستنە ژێر پرسیاری ئەوەیە، کە مرۆڤ لە جەوهەردا هیچ نییە، بێجگە لە ماددەیەکی سروشتی خۆڵ، لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بوون پێش جەوهەر دەکەوێت، ئەم خۆڵبارینە ساتەوەختی ڕووتکردنەوەی مرۆڤە لە هەموو ئەو ناسنامە و ناوونیشانە دەستکردانەی، کە کۆمەڵگە، یان ئایدیۆلۆژیا پێی بەخشیوە،

لێرەدا بوونی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ماددە بێگیانەدا کۆدەبێتەوە، کە سەرچاوەی بوونیەتی، هەروەها وشەی (شێلان) ئاماژەیە بۆ سیستمی پەروەردە و سیستمی دەسەڵات و بەڕێوەبردن، نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، کە مرۆڤ دەشێلن و دەیکەن بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت،

ئەم دیدارەی شاعیر ئاماژەی بۆ دەکات، جۆرێکە لە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خودێکی ڕەسەنی ئازاد، کە هێشتا نەبووەتە کۆیلەی فۆرم و قاڵبە ئامادەکراوەکان، ناوهێنانی (سیزیف)یش ڕاستەوخۆ دەقەکە بە فەلسەفەی پوچگەرایەوە دەبەستێتەوە، باس لەو قۆناغە دەکات کە هێشتا مرۆڤ نەکەوتووەتە ژێر باری قورسی بەرپرسیارییەتییەوە، ئەو ساتەوەختە وەک جۆرێک لە ئازادییەکی ترسناک وێنادەکات، هەروەها دەستەواژەی (تۆزخواردن خۆخواردنە) گەیشتنە بەو دەرەنجامەی، دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ یەک شتە، مرۆڤ لە خۆڵ و تۆز دروستبووە، بۆیە کاتێک تۆزدەخوات ڕاستییەکەی لە گەوهەری خۆی دەخوات، مرۆڤ لە جیهانێکدا دەژی کەرەستە خاوەکەی دەبێتە هۆی خنکاندنی، کۆی دەقەکە پرسیار و مامەڵەیە لەگەڵ پووچی و بێهوودەیی، لە دەقی (ئازار وەک جلێکی فری سایز)دا دەڵێت:

**«کێ ئازاری پێ نەگەیشتووە؟**
**ئازار ببینرێت، یان نا**
**شل بێت، یان ڕەق**
**هەڵم بێت، یان دووکەڵ**
**بە تۆن بچێت بە تەنتدا، یان گیانت، هەر ئازارە...**
**ئازار نابینرێت و هەستی پێ دەکرێت.**
**ئەگەر ئازارێک هەستەکانتی لەناوبرد، چی؟»**
(حاجی، ٢٠٢٦: ٩٧)

(ئارام حاجی) لە زۆر باردا لە دەقەکانیدا وەک عاشقی ئازار دەردەکەوێت، دەیەوێت جەنگی ئازار بکات، هاوکات بۆ بوونی ئومێد، ئیلهام لە ئازارەکانی وەردەگرێت، ئارام حاجی بە چەشنی (نیتشە)ییەکان لە ناو ئەو هەموو ئازار و برینەدا هێزی مانەوەی هەیە، دەکرێت ئازار بەشێک لە بوونی ڕەسەنی شاعیرانە بێت، لەو ڕوانگەوە شاعیران بە هۆی بوونی ڕەسەنیانەوە حەز بە ئازادی دەکەن و شوێن زۆر لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە ناکەون؛ بۆیە زۆر ئازار دەدرێن، لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، بە تایبەت لای هایدگەر، ئازار و دڵەڕاوکێ پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆژی بوونی مرۆڤن، بە تایبەت بوونی ڕەسەن، هەمیشە لە ئازار و دڵەڕاوکێدا دەژی، چونکە خاوەنی بەرنامەی ژیانی خۆیەتی، بۆیە ئازار بەشێکە لە ناسنامەی بوونی ڕەسەن، کاتێک دەڵێت: (کێ ئازاری پێنەگەیشتووە؟) ئاماژەیە بۆ ئەوەی بوون و ئازار لێک دانەبڕاون، کە ئەم ئازارە مەرج نییە، تەنیا جەستەیی بێت، بەڵکوو دەکرێت ئازارێکی ڕوحی، یان مەعنەوی بێت، هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو مرۆڤە داگیربکات، ئەمە ئەو کاتەیە، کە مرۆڤ تووشی نامۆیی و بێهوودەیی دەبێت، گۆشەگیر دەبێت و لەگەڵ ئازارەکەی دەژی، کە ئەمە حاڵەتێکی خراپی ئازارە، بەڵام بۆ بوویەکی هۆشیار و ڕەسەنی وەک شاعیر ئازار سەرچاوەی داهێنانە، نەک بێکەڵکی مرۆڤ لە ژیاندا، کەواتە (ئارام حاجی) لە کۆی ئەم کۆمەڵە شیعرەیدا هەوڵی داوە پرسیار لە بابەتە بوونگەراییەکان بکات و دووبارە بیانخاتە ژێر تیشکی گومانەکانی خۆیەوە، تا بە دوای واتاکانی دیکەی بووندا بگەڕێت.

**سەرچاوەکان:**


- حاجی، ئارام، ٢٠٢٦، تۆماری زامێک، چاپی یەکەم، وەشانی نووسیار، سلێمانی
- ڕەفیق، فاروق، ٢٠٠٩، فەلسەفە و ژیان، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- کۆهین، جان، ٢٠٠٨، بونیادی زمانی شیعری، و/ د. ئازاد عەبدولواحید، علی بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەرەبخا، کەرکووک
- هایدگەر، مارتن، ٢٠١٣، بوون و کات، و/ دوکتۆر محەمەد کەمال، سلێمانی: چاپی یەکەم.